# ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیە لە "کرانەوەی دموکراتیک"

**چاوپێکەوتن: ئەندێشە ـ ئیبراهیمی علیزادە**

**ئێستا لە تورکیاداو لە پەیوەند بە کێشەی کوردەوە، باوترین بابەتو رووداوی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتێک کە بە " کرانەوەی دیموکراتیک" ناسراوەو لە ئاستێکی بەرزی حکومەتو پەرلەمانی تورکیادا قسەوباسی لەسەر دەکرێتو هەڵوێستی جیاواز لە نێوان پشتگیریو دژایەتیدا بەخۆوە دەبینێت .ئەندێشە بۆ باسکردنی زیاتری ئەو پرۆژەیە و تیشکخستنە سەر ئامانجەکانی "کرانەوەی دیموکراتیک"و ئامانجی دەوڵەتی تورکیا لەو سیاسەتەدا، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵەی ناوەندی کۆمەڵە ساز دەدات کە دەقی چاوپێکەوتنەکە لێرەدا دەخوێننەوە**

**ئەندێشە: ئێستا لە تورکیا پرۆژەی "کرانەوەی دیموکراتیک "گەرمترین باسی سیاسییە، بەپێی ئەو پرۆژەیە دەبێت چارەسەرێک بۆ دۆزی کورد دابنرێت. پێت وایە ئەمە خواستێکی واقعی دەوڵەتی تورکیا بێت یان مانۆڕێکی سیاسییە؟**

ئیبراهیمی علیزادە: ئەوەی کە ئەم رۆژانە لە پەیوەند لە گەڵ پرسی کورد لە تورکیەدا هاتووتە گورێ، تا ئێستا پشتی بە هیچ پرۆژەیەکی دیاریکراو نەبەستووە، نە گفتوگۆیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە گەڵ لایەنە سیاسیەکانی پەیوەندیدار هاتووتە گورێ و نە هیچ چەشنە کرانەوەیەکی کەش و هەوای سیاسی جیاواز لەوەی کە تا ئێستا بووە بە نیسبەت ئەم کێشەیەوە دەبیندرێ. تەنیا گورانکاریك کە لەم بابەتەوە بەرچاو دەکەوی هەڵکرتنی گلۆپێکی سەوزە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بۆ کردنەوەی دەرگای باس لە سەر ئەم بابەتە. بەوحاڵەشەوە بەداخەوە دەبینین کە میدیای هەرێمی کوردستانی عێراق گەلیك زیاتر لە وەزنی واقعی ئەو سیاسەتە، پێیدا هەڵدەڵێن و گەشبینانە سەیری دەکەن و تەنانەت زیاتر لە دەوڵەتی تورکیا پروپاگەندەی بۆ دەکەن. دەوڵەتی تورکیا بە مەبەستی کەمکردنەوەی دوو زەختی دیاریکراو ئەو سیاسەتەی داڕشتووە. یەکەمیان، زەختی بزوتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەریە لە تورکیا. دەوڵەتی تورکیا دەزانی کە ئەگەر سەرئەنجام رێگایەك بۆ دامرکاندنەوەی ئەو بزوتنەوەیە نەدۆزیتەوە، نەك هەر کۆنترۆلی بە سەر کوردوستاندا دەکەوێتە مەترسیەوە بەڵکوو کار دەکاتە سەر ئینسجامی دەوڵەت لە سەرتاسەری وڵاتیش. بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەتی تورکیا هەوڵدەدات لە هەموو زەرفیەتەکانی حیزبیکی ئاشکرا و قانونی وەکوو د.ت.پ کەلك وەر بگرێ بە بێ ئەوەی ئیمتیازیکی جیدی بە خەڵکی کوردستان بدات. دووەهەم، لە پەیوەندی لە گەڵ یەکیەتی ئەوروپادایە. یەکێەتی ئەوروپا رازی نییە بەوەی کە تورکیا بەم یەکیەتیە پەیوەست بێ. هۆکاری ئەو موخالیفەتە لە راستیدا پەیوەندی بە کێشەی کورد و یان مەسەلەی دیموکراسی لە تورکیاوە

نییە، بەڵکوو ئەمانە وەکوو پاساویك بۆ شاردنەوەی بەرژەوەندی باڵای دیکەی ئەو ئیتحادیەیە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەمە بیانویکی روکەشیە بۆ کاریگەری دانان لە سەر بیروڕای گشتی، دەوڵەتی تورکیا هەوڵ دەدات بە مانوردان لە سەر مەسەلەی کورد ئەو بیانوییان لە دەست بستێنێ. بێگومان مەبەستی نیهایی ئەو سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا ئەنجام دانی ریفورمێکی جیدی لە بواری مافی نەتەوەیی خەڵکی کورد نییە. ئامانجی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە لە قورسایی سیاسی پرسی کورد کەم کاتەوە و لە کێشەیەکی سیاسیەوە بیگوازیتەوە بۆ کێشەیکی فەرهەنگی. زۆرترین ئیمتیازیك کە لە بواری فەرهەنگیشەوە ناڕاستەوخۆ قسەی لێ دەکەن، ئازادکردنی زمانی کوردیە لە ئاستێکی بەرتەسکدا، وەکو ئەوەی کە کتێب و چاپەمەنی بە زمانی کوردی هەبێ و یان قسە کردن بەو زمانە لە بۆنە و شوێنە رەسمیەکاندا ئازاد بێ و سزای لە سەر نەبێ. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا راستگۆیە بەرانبەر بەو مەسەلەیە بۆچی ئەو کەسانەی کە هەر لە سەر ئەو مەسەلەیە کەوتونەتە زیندان ئازادیان ناکات؟ بۆ چی فەرمانی لێبوردنێکی گشتی دەر ناکات؟ بۆچی ئامادە نیە لەگەل هەیئەتێکی نوینەرایەتی هەلبژیردراوی خەلکی کورد گوفتوگو بکات .

**ئەندێشە: پەکەکە سەرباری دەربڕینی جۆرێک لە هاوهەڵوێستی بۆ پرۆژەی " کرانەوەی دیموکراتیک"، بەڵام لە واقعیدا نیگەرانییەکی زۆری لەسەر ئەم پرۆژەیە هەیە. دەتوانین ئەو نیگەرانییە وا لێکبدەینەوە کە ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، پەکەکە وەک باڵێکی سەربازی زەمینەی بوونی تەسکتر دەبێتەوە؟**

ئیبراهیمی علیزادە: پرۆژەیەکی راگەیاندراو لە گۆرێدانیە تا قسە لە جێبەجێ کردنی بکەین. سیاسەتێکە کە باسی لێدەکرێ و لەوانەی پرۆژەیەکی لە پشتەوە بێت هەڵوێستی پ.ك.ك. بۆ سیاسەتێك کە ناویان لێناوە " کرانەوەی دیموکراتیك"، وەکوو خۆشەویستێکی یەك لایەنە وایە. دەوڵەتی تورکیا هەرگیز بە دەم هیچ هەولێکی پ.ك.ك .وە بۆ ئاشتی نەهاتۆە. سەرەرای ئەوانە لام وا نییە ئامانجی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا لاوازکردنی پ.ك.ك وەکوو هیزیکی چەکدار بێت .دەوڵەتی تورکیا ئامانجی ئەوە نییە کە هێزی چەکداری پ.ك.ك لە ناو بەرێ، بەڵکوو دەیەوێ لە هەمان کاتدا کە ئەم هێزە بەم شێوەیەی ئێستای درێژە بە بوونی خۆی دەدات، هێندیك لە زیانەکانی کەم کاتەوە. ئەرتەشی تورکیا ئیتر ناتوانی بە پاساوی کێشە لە گەڵ دراوسێەکانی وەکوو یۆنان و ئەرمەنستان هەموو ساڵێك دەیان میلیارد دۆلار پارەی ئەو وەڵاتە بۆ تەیارکردنی خۆی سەرف بکات، هەبوونی مەترسیەکی چەکداری وەکوو پ.ك.ك لە لایەکەوە دەکاتە زەختێك بە سەر دەزگای سیاسی بەرێوەبەری وڵات و لە لایەکی دیکیشەوە لە رێگای تەیار کردن و پرچەك کردنی خۆی پێگەی لە کێشەکانی ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەکوو رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە هێزتر دەکات. ئەرتەشی تورکیە لە کۆنەوە پیگەیەکی جێگەی متمانەی ئەمریکا بووە بەرانبەر بە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و روسیای ئێستا . پەیوەندی دەوڵەتی ئەمریکا لە گەڵ ئەرتەشی

توركیا بە هێزترە لە پەیوەندی ئەو لە گەڵ دەزگای سیاسی بەڕێوەبەری وڵات. لەبەر ئەو هۆكارانەیە كە دەبینین هەر چەندەش پ.ك.ك نەرمی نیشان دەدات، دەوڵەتی توركیا تەنانەت ئامادە نییە بە لێبوردونیكی گشتی ڕێگا بۆ چەكدارانی گریلاكانی پ.ك.ك خۆش كات، بە پێچەوانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێگری دەكات لەگەڕانەوەشیان .

**ئەندێشە: دەمەوێت لەبابەتەوە بگوێزمەوە بۆ سەر ئێران. بۆ تا ئێستا لە ئێراندا زەمینەی دروستبوونی پارتێکی وەک )دەتە پە( و کەسایەتییەکی وەک ئەحمەد تورک دروست فەراهەم نەبووە. ئایا جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری سیستەمی دەوڵەتی تورکیاو ئێران، یان هێشتا بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەکوردستانی ئێراندا تەنیا پشت بە باڵی سەربازی دەبەستێت؟**

ئیبراهیمی علیزادە: هەر دوو هۆكاری كە ئێوە باسی دەكەن واقیعیە. هەم ڕژێمی دیكتاتوری ئیسلامی ڕێگر بووە لە پێكهاتنی وەها پارتێك و یان كەسایەتیگەلێك و هەم بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری تا ئیستا نەیتوانیوە وەها هەلومەرجێك بە سەر ڕژێم دا بەسەپێنێ. بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە كە وەها فورسەتیك هەرگیز بۆ كوردستانی ئیران ناتوانێ بێتە پێش. ئەو چالاكیە هەر ئیستاش لە ئاستێكی بەر تەسكدا لە جەرەیان دایەو دەشتوانێ پەرە بستێنێ. بەڵام دیارە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە لە توركیا هەیە .هاوسەنگی نیوان جەماوەری خەلك و رژیم دەتوانێ بگورێ و ڕێوشوینی گونجاو بۆ چالاكی ئاشكرا بە پێی هەلومەرجی دیاریكراو بدۆزرێتەوە. ئەساسەن لە بەر ئەو هۆیەوەیە كە ئەمرۆكە بۆ ئیمەش خەباتی چەكداری لە ئەولەویەتدا نییە و هەوڵ دەدەین ئەو زەمینە و ئیمكانەی كە بۆ چالاكی مەدەنی هەیە وەلەوە بەتەسكیش بێ بە هێزترو بەرینتری بكەین و ڕێگای نەدەین كە لە بار بچێت. لە هەمان كاتدا كە زەرفیەتی خەباتی چەكداریش دەپارێزین بۆ ئەوەی هەركات پێویست بوو بتوانین پەرەی پێبدەین و بەكاری بێنین

سەرچاوە: سایتی ئەندێشە.